اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي إِلَيْهَا مَعَادِي، وَاجْعَلْ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلْ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ»، واتە: «خودایـە ئاینەکەم -دینداریم- چاك بکە کە بڕبڕەی پشتی کارەکانمە، ودونیایشم بۆ چاک بکە کە ژیانـمی تێدایە، وقیامەتیشم بۆ چاک بکە چونکە گەڕانەوەم بۆ ئەوێیە، وژیانم بۆ بکە بە هۆکاری زیادبوونی هەموو خێر وچاکەیەک، ومردنم بۆ بکە بە هۆکاری حەسانەوە لە هەموو شەڕ وخراپەیەک».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پارایەوە بە نزایەك کە کۆی بنچینەی ڕەوشتە جوانەکانی تێدایە کە ئەو نێردراوە بۆ تەواوکردنیان؛ ئەوانیش بریتین لە: چاکبوونی ئاین ودونیا وقیامەت، بەم وشە کەم وپوختانە داوای چاکبوونی ئەم سێ شتەی کرد، سەرەتا بە چاکبوونی ئاین دەستپێکرد وبە چاکبوونی ئاینیش دونیا وقیامەتیش چاك دەبن، فەرمووی: (اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي:خودایـە ئاینەکەم -دینداریم- چاك بکە)؛ بەوەی هیدایەتم بدەیت بۆ جێبەجێکردنی ئەدەب ورێنماییەکانی بە شێوەیەکی کاملّ ورێك. (الذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي:کە بڕبڕەی پشتی کارەکانمە)؛ وهەموو کاروبارەکانم بپارێزە، ئەگەر ئاینەکەم خراپ بوو ئەوا هەموو کاروبارەکانی ترم خراپ دەبن، وسەرشۆڕ ودۆڕاو دەبم، چونکە چاکبوونی ئاین کاملّ نابێت کە داواکراوە هەتاوەکو دونیایش چاك دەبێت، بۆیە فەرمووی: (وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ: ودونیایشم بۆ چاک بکە)؛ بەوەی لەش ساغی وئاسایش ورۆزی وهاوسەر ومندالّی چاکم پێببەخشی لەگەلّ ئەوەیشی کە پێویستم پێیەتی، وحەلّاڵ بێت، وبارمەتیدەر بێت لەسەر پەرستنت، پاشان پاساوای هێنایەوە سەبارەت بە هۆکاری داواکردنی ئەم شتانە، فەرمووی: (الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي:کە ژیانـمی تێدایە)؛ چونکە ئەم دونیایە شوێنی نیشتەجێبوونمە وماوەی ژیانم لێرەدا بەڕێ دەکەم. (وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي إِلَيْهَا مَعَادِي:وقیامەتیشم بۆ چاک بکە چونکە گەڕانەوەم بۆ ئەوێیە)؛ کە شوێنی گەڕانەوەمە بۆ دیداری تۆ، ئەمیش دێتە دی بە چاکبوونی کردەوەکان وهیدایەتدانی بەندە لەلایەن خوای گەورەوە بۆئەوەی دڵسۆز بێت وپەرستنەکان ئەنجام بدات، لەگەلّ کۆتاییەکی باش. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قیامەتی لەپاش دونیا باسکرد؛ چونکە یەکەم هۆکارە بۆ چاکبوونی دووەم، هەرکەسێك لە دونیادا لەسەر ڕێگای ڕاست بێت بەپێی مەبەستی خوای گەورە، ئەوا قیامەتیشی چاك دەبێت وتێیدا بەختەوەر دەبێت. (وَاجْعَلْ الْحَيَاةَ:وژیانم بۆ بکە)؛ بە درێژبوونی تەمەنم تێیدا، (زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ:بە هۆکاری زیادبوونی هەموو خێر وچاکەیەک)؛ بۆئەوەی تێیدا کردەوەی چاکەی زۆر ئەنجام بدەم، (وَاجْعَلْ الْمَوْتَ:ومردنم بۆ بکە)؛ بە نزیك کردنەوەی، (رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ:بە هۆکاری حەسانەوە لە هەموو شەڕ وخراپەیەک)؛ وهەموو فیتنە وناڕەحەتی وبەڵایەك کە بەهۆی گوناهـ وبێئاگاییەوە تووشیان بووم، هەروەها ببێتە هۆی ڕزگار بوونم لە ناڕەحەتی وخەفەتەکانی دونیا، وگەیشتن بە ئارامی.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee